


# (فیهی ما فیهی)
# مەولانا جەلالەدینی رۆمی



کتێبی (فیهی ما فیهی) بریتییە لەو گوتانەی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، کە لەکۆڕی موریدەکانی کردویەتی و لەرێگەی ئەو موریدو ئامادەبوانەی کۆڕەکانییەوە نوسراونەتەوە، دواترو پاش کۆچی دوایی مەولانا، لەلایەن سوڵتان وەلەدی کوڕیەوە جارێکی تر نوسراوەتەوەو بڵاوبۆتەوە.

سەبارەت بەناوی ئەم کتێبە وەك (عیسا عەلی عاکوب) کە دەقەکەی لەفارسیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، دەڵێت ئەم ناوە لەبەرگی سەر دەستنوسەکە وەرگیراوە، وەك ئاشکراشە مەولانا خۆی ئەم کتێبەی نەنوسیوە، بەڵکو دواتر نوسراوەتەوەو نیشانیدراوە، پێناچێت خۆی ئەم ناوەی بۆ هەڵبژاردبێت، «فروزانفر» لەپێشەکی لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبەدا پێیوایە ئەم ناوە لەم دێڕە شیعرەی ئبن عەرەبیەوە وەرگیرابێت :

**کتـاب فیه ما فیه بـدیع فی معـانیه**

**إذا عاینت ما فیه   رأیت الدر یحویه**

وەکو رایەکی خاکی خۆیشم، ئەگەر شایانی ئەوە بم دەم لەدونیای رۆحانییەت و رازی ئەهلی خاص وەربدەم، ئەوا پێموایە (فیه ما فیه)، هەروەك لە وتەیەکی خودی مەولاناشەوە سەرچاوەی گرتوە، مەبەست ئەوەیە مرۆڤ بەدوای چیدا بگەڕێت ئەوە دەدۆزێتەوە، ئەو شتە بەدوایدا دەگەڕێیت، دەبێتە پەردەیەك بۆئەوەی هیچ شتێکی تر نەبینیت، واتە: دونیا پڕیەتی لەپەردە (حیجاب) ، ئەم کتێبەش ئەگەرچی بەشێوەی هەر کتێبێکی ئاسایی، لە پیت و وشەو رستە پێکهاتووە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا خودی ناوەڕۆکی جیاوازی ئەم کتێبە، بۆتە حیجابێك و تەنها خەڵکی تایبەت بەم بوارە (ئەهلی خاص) دەتوانن ئەو حیجابە لابەرن و «ئەوە ببینن کە تێیدایە».

لەم دەرفەتە کەمەدا هەوڵدەدەم خوێندنەوەیەکی زۆر کورت بۆ چەند بەشێکی سەرەتای ئەم کتێبە بکەم و وەك خوێنەرێك، ئەگەر سەرنج و تێگەیشتنێکی خودیمان لەلا گەڵاڵە بوو تۆماریبکەین. هەڵبەتە من پێشتر ئەم کتێبەم خوێندۆتەوە، بەڵام هەرکات ئەم کتێبەم بەرچاودەکەوێتەوە، حەزدەکەم جارێکی تر سەرلەنوێ دابنیشم و بیخوێنمەوە، کاتێك وردەوردە رۆدەچیتە ناوەوەی کتێبەکە، هەستدەکەیت لەنێو یەکێك لەکۆڕەکانی مەولانادا ئامادەیت و دەریایەك لەرۆحی ئەو پیاوە مەزنە نزیکدەبیتەوە، مەولانا ئاوازێکە هەر گوێیەك بتوانێت بیبیستێت ئالودەی دەبێت، ئەو هەروەك ئبن عەرەبی و عەبدولقادری گەیلانی و سوهرەوەردی حەللاج و شیبلی و سەری سەقەتی و حەللاج و  نەورەسی و مەولەوی و ئەولیاکانی تر ئەو دەروازە رۆشنانەن، کە دەکرێت لێیانەوەو لە عالەمی  رۆحانییەت و موجەرد بڕوانین و ئەگەریش گەیشتینە پلەو مەرتەبەیەکی شایستە، ئەو ئەزمونە رۆحانیانە بەرهەستبکەین و بکەوینە بەر فەیزی ئیلاهی و بەختی ئەوەمان هەبێت، وەك ئەستێرەیەکی دوور دوور کوژاوەو نوتەك، ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بێت بەر رەحمەت و چاودێری خودایی بکەوین و رۆشنبینەوە، ئەوکات جارێکی تر ئەم بوونە بەشێوەیەك دەبینینەوە، کە پێویست بوو ببینین ، یان  وەك ئەوەی پێشتر بینیبومان، لە جیهانەکانی سەرەوەدا ئەوکات کە چێژەکانی دونیای مادی و نزم ئێمەی پەلکێشی ناو دۆڵ و نشێوەکانی خۆی نەکردبوو، ئەوکات کە ئێمە هاووڵاتی راستەقینەی شانشینی خودا بووین و بەشێك بووین لە نەشئەو جریوەی  کۆڵانەکانی بەهەشت.

مەیل و ئارەزووکردنی ئەم گەورە عاریف و ئەولیانە لای هەر مرۆڤێك دروستببوو، نیشانەی بە ئەهل بوون و نزیك خستنەوەیەتی، یان گەشتنی فەزل و رەحمەتی خوایە پێی، پەیامێکە تێیدا نوسراوە تۆ هەڵبژێراوی یان

چاودێریکراوی، تۆ چاوەکانت رویان لەسەرەوە بوو، ئێمەش تۆمان بینی، ئیدی تۆ شایستەی باڵابوون و بەرزبونەوەی، شایستەی بینینی نەبینراوەکانی، بەڵام ئەگەر سەیری خوارەوەت بکردایە، ئەوا جیهانەکانی خوارەوەمان نیشاندەدایت، جیهانی نزمی و و پشێویی و پەرتبوون، جیهانی فەرامۆشکراو و، لەبیرکراو.

## پێویستە جارێکی تر بە دەوری جیهاندا بگەڕێینەوە

مەبەستی مەولانا لێرەدا ئەوەیە، کە مرۆڤ لەجیهاندا هەر مەبەست و ئامانجێکی خستە پێش چاوی خۆی، ئیدی ئەوە دەبێتە حیجاب بۆی و ناتوانێت دەرکی شتەکانی تر بکات و بیانبینێت، بۆیە مرۆڤ بەدوای هەر شتێکدا بگەڕێت، ئەوە دەدۆزێتەوە، بۆیە ئەوانەی کە دەیانەوێت خودا بدۆزنەوە، دەبێت ئەمجارە بەدەوری جیهاندا بگەڕێن، بەڵام بێ هیچ مەبەست و مەقسەدێکی تر جگە لە ئەو- کاتێك تەنها مەبەستەکەت ئەو بوو، ئەوا دەیدۆزیتەوە، کەواتە بینینی ئێمە بۆ شتەکان پەیوەستە بەو مەبەستەوە، کە ئێمە بۆی دەگەڕێین، لێرەداو لەم خاڵەدا تەسەوف لەو چەمکە رۆحانییە تەواو نزیك دەبێتەوە، کە پێیوایە ناکرێت ئەو مرۆڤەی دەستی بەهەموو سەرەداوەکانی دونیاوە گرتوە، ببێتە ئەو کەسەی نیگاکانی روەو شانشینی خودا ئاراستەکردوەو تەرزی رۆحی بەعالەمی مەلەکوتەوە هەڵواسراوە.

## قسە بیانووە!

«قسە بۆ ئەو کەسەیە، پێویستی بە قسە هەبێ تا تێبگات، بەڵام ئەوەی کە بێ قسە تێبگات، لەگەڵ ئەو چ پێویستە قسەبکرێت».

عاریفان و خەڵکانی ئەهلی وەرع و تەقوا، ئاشنایەتیان لەگەڵ کەلتوری قسەکردندا کەمە، یان هەشیان بێت حەزی پێ ناکەن، چونکە لەراستیدا ئەوان پێیانوایە قسەکردن ئامرازی ئەوان نییە، بەڵکو قسە ئامرازو دەستەچنی عەقڵە بۆئەوەی لەرێگەیەوە بە شێوازێکی لۆژیکیانە گوزارشت لەو ئاستە دەرکپێکردنەی خۆی بکات، بەڵام ئەهلی حاڵ جگە لەئامرازی قسەکردن بۆ گوزارشت و دەربڕین، زمانێکی تریان هەیە بۆ لەیەك گەیشتن، شێخ بەپێی ئاست و ئەو حاڵەتی تێیدایە دەتوانێت لە موریدەکانی بگات و هەتا ئەوەی مەبەستیەتی پێیان بگەیەنێت، بەهەمان شێوەش مەعشوق عاشقانی خۆی دەبینێت و لێیانتێدەگات و بەرچاو رونیان پێدەبەخشێت، بەڵام ئەوەی گرنگە مرۆڤەکان هەرگیز بێ هیوا نەبن، هەرچەندە گوناە و تاوانباریش بن، دیسان رێگەی خودا هەمیشە کراوەیە، وەك مەولانا دەڵێت «ئەگەریش ناتوانیت رێگە ببڕیت، لەسەر رێگا بمێنەرەوە» هەتا ئومێدت هەبێت لەسەری رێگاکەدا ماویتەتەوە، بێ ئومێدیش رێگەکەت لێوندەکات.

## ئەسڵ یەکە لە دووریدا لق دروستدەبێت

سەرچاوە یەکێکەو کاتێك لقەکان لەو سەرچاوەیەوە دروستدەبن، دووربکەوینەوەو دوور بڕوانین، کاتێکیش سەیری سەرچاوەکەمان کردو نزیك روانیمان، ئەوا جیاوازی و فرە چەشنییەکان نامێنن، وەك دەڵێت ئەسڵ مەبەستەکەیە، تۆ سەیری مەبەستەکە بکە، بۆئەوەی لەماناکەی تێبگەیت، هەموو کەس لە مۆسیقا تێدەگات، چونکە تەنها لەنێوان مۆسیقاو گوێکاندا، هیچ میانکارێك و هیچ وەرگێراو راڤەکارێك نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی راستەوخۆ و نزیك هەیە، هەمووان لێی بەهرەمەند دەبن، بەڵام ئەوەی زیاتر لە مۆسیقایەك بەهرەمەند دەبێت و یەکێك کەمتر ئەوە پەیوەندی بە کەسەکەوە هەیە، وەك ئەوەی چەندە لەرەی ئەو مۆسیقایە لەگەڵ لەرەکانی رۆحی ئەمدا تەریب یان هەماهەنگ دەبن، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە خۆمان وا رابێنینەوە، یان وا خۆمان بخەینەوە سەر رێگاکەو بتوانین خۆمان لەگەڵ ریتم و ئاوازی گەردونییەکاندا رێکبخەینەوە، بۆئەوەی ئێمەش ببین بە بەشێك لەو هاوسەنگیە، بۆئەوەی چیدی لاڕێیی بەردەین و زیاتر لە ئەسڵ و سەرچاوەکە نزیك ببینەوە.

### من لەکوێ و شیعر لەکوێ

مەولانا وێڕای ئەوەی بەدەیان هەزار دێڕە شیعری بەرزو نایابی وتوە، دیوانی (مەسنەویی) نزیکەی 25000 دێڕە شیعری لەخۆگرتووە، کەچی ئاماژە بەوە دەکات لەشیعر بێزارەو وتنی شیعر لەلایەن ئەوەوە بۆ ئەوانەیە کە دێنە لای و خوازیاری وتنن نەك کردار، ئەو دەفەرمێت کاتێك کەسانێك دێن بۆ لای من و گوێ بۆ ئەوە هەڵدەخەن شتێك ببیستن، منیش شیعریان بۆ دەڵێم، بۆئەوەی وەك خۆی دەڵێت دڵیان لێم نەیەشێت و پێوەی بخافڵێن، ئەوان تالیبی وتەن و، ئەگەر تالیبی کردار (عمل) بونایە ئەوا کردارم نیشاندەدان.

پوختەی مەبەستی مەولانا لەم هەڵوێستەیدا، مەسەلەیەکە قووڵ و دورترە لەوەی بەڕوکار دەردەکەوێت، صۆفیان ئەگەرچی هەر کات قسەیەك بکەن، ئەو قسەیە لێوانلێوە لەعیرفان و ڕۆحانییەت، ئەگەرچی مەبەستەکە قسەکردن نییە لای ئەوان، بەپێچەوانەی ئەهلی عەقڵ و لۆژیك کە قسەو وتن تاکە ئامرازی کاریگەرە بۆ گوزارشتکردن و خستنەڕوو، ئەوا لەجیهانی تەسەوف و عیرفاندا، ئەسڵ تەزکیەی دەروون و بژارکردنی هەر غەل و غەشێکی ناو دڵە، عاریفان لەکەنارترین پنتی چاودێریدا رادەمێنن و بەدیار هەر دیاردەیەکی نوێوە خەڵوەت دەکێشن، ئەوان پێیانوایە جیهانی مادی و بەرجەستە، گەرچی مەحکومین پێی، بەڵام جیهانێکی باوەو مرۆڤ دەبێت چاوەڕوانی هەر نوێیەك بێت، کە وەك فەیزێك بڕژێتە ناخیەوەو بەهرەمەندبێت لەمەعریفەو جلیوەی حەقیقەت، هەڵبەتە ئەمە بەبێ بەشداریکردنی هەر وتنێك و بەبێ پەنابردن بۆ هەر زانست و فێرکردنێك، کە پشت بە کەلتوری قسەکردن دەبەستێت.

هەر وەك حەزرەتی مەولانا خۆی ئاماژەی پێدەکات، مەبەستیش لە کردار، کرداری روکاری نییە، بەڵکو مانایە، ئەو دەڵێت خۆ کەسی دوڕوویش کرداری

مەولانا وێڕای ئەوەی بەدەیان هەزار دێڕە شیعری بەرزو نایابی وتوە، دیوانی (مەسنەویی) نزیکەی 25000 دێڕە شیعری لەخۆگرتووە، کەچی ئاماژە بەوە دەکات لەشیعر بێزارەو وتنی شیعر لەلایەن ئەوەوە بۆ ئەوانەیە، کە دێنە لای و خوازیاری وتنن نەک کردار، ئەو دەفەرمێت کاتێک کەسانێک دێن بۆ لای من و گوێ بۆ ئەوە هەڵدەخەن شتێک ببیستن، منیش شیعریان بۆ دەڵێم، بۆئەوەی دڵیان لێم نەیەشێت



هەیە، بەڵام چونکە لەو کردارەیدا هیچ مانایەك نابینێتەوە، کەواتە هیچ کەڵك و سودێکی نییە، بۆیە مەولانا لێرەدا چەمکی کردار دەبەستێتەوە بە مانای ناو دڵەوە، هەروەك چۆن پێیوایە وتنیش دەکرێت وەك ئامرازێك بەکاربهێنرێت بۆ گوزارشتکردن لەو مانایانە.

**جیهان بەوێنەی شاخە**

مەولانا پێیوایە هەر جوڵەو کردارێك مرۆڤ دەیکات، بریتیە لە پرسیارێك و ئەوەی دوایی بۆی دێتە پێش و لەرێیدا دەوەستێتەوە وەڵامە، جیهان بە وێنەی شاخێکە ئەوەی دەیڵێیت، هەر ئەوە دەبیستیتەوە، ئەوەی دەیکەیت هەر ئەوە دێتەوە رێت، «دووکەڵ لەئیزنگەوە هەڵدەستێت، نەك لە ئاگر، ئێزنگ هەرچی وشکتر بێت، دووکەڵەکەی کەمتر، گوڵستانێك بە باخەوانێك سپێرا، ئەگەر بۆنی ناخۆشی لێ بێت، لۆمەی باخەوان بکە، نەك گوڵستان.

**مەل بە باڵاکانی دەفرێت و باوەڕدار بەهیمەتی**

مەولانا پێکهاتەی مرۆڤ دەکات بەدوو بەشەوە، کە بریتیە لە ئەقڵ و شەهوەت: «نیوەی فریشتەیەو نیوەی حەیوان. نیوەی مارەو نیوەی ماسی. ماسی بەرەو ئاوی دەباو مار بەرەو خاك. هەمیشە لەکێشەو شەڕدایە. جا ئێستا، هەندێك مرۆڤ ئەوەندە ئەقڵیان رەچاوکرد، کە بەتەواوەتی بوونە فریشتە و نور- ئەوانیش پێغەمبەران و ئەولیاکانن. لە ترس و هیوا رزگاریان بوو. هەندێك شەهوەتیان بەسەر ئەقڵیاندا زاڵکرد، هەتا بەتەواوەتی حوکمی ئاژەڵیان لەخۆگرت. هەندێك لەشەڕو کێشەدا مانەوەو ئەوانیش ئەم تایفەیەن کە لە دەرونیاندا رەنج و ژان و هاوار و حەسرەتێك پێکدێت و لەژیانی خۆیان رازی نین. ئەوانە ئیماندارەکانن. ئەولیا چاوەڕوانی ئەوانن، کە ئیمانداران بگەیەننەوە مەنزڵی خۆیان و وەك خۆیانیان لێبکەن و شەیتانیش چاوەڕوانە، کە ئەوان بۆ ئەسفەلە سافلین و بەرەو لای خۆی رایانبکێشێت».

### دەبێت هەتاو بیت، بۆئەوەی ترسی جیاییت تێدا نەمێنێت

مەولانا ئەوە دەخاتەڕوو، ئەگەر مرۆڤ خودا فەزڵێکی پێبەخشی بێت و بە هەوڵ و کۆشش ئەو فەزلە پەروەردەبکات، ئەگینا ئەو فەزڵە بەتەنها مرۆڤ بەهیچ پلەوپایەو مەقامێك ناگەیەنێت، هەروەك چۆن پێغەمبەران سەرەڕای فەزلی خوداش کە پێی بەخشیون بۆ ساتێکیش فەرامۆشیان نەنواندووەو لەهەوڵ کۆشش نەوەستاون، «کەوایە مرۆڤ لەو خۆشی و لوتفانەی خودا، کە تیشك و وێنەی حەقیقەتە دەبێ تێپەڕێ و بەوەندە رازی نەبێت. هەرچەند ئەوەندەش لە لوتفی هەقەوەیە و تیشکی جەمالی ئەوە، بەڵام نامێننەوە، بۆ هەق دەمێننەوە، بۆ خەڵك نامێننەوە. هەروەك تیشکی هەتاو کە لەماڵان دەدات، سەرەڕای ئەوە کە تیشکی هەتاوەو شەوقە، بەڵام خزمەتکاری هەتاوە، کە هەتاو ئاوا بێ، روناکی نامێنێ، کەواتە دەبێ هەتاو بی هەتا ترسی جیاییت تێدا نەمێنێت.

### ڕێگیریکردن جگە لە زیادکردنی مەیل چی دیکە ناکات

مەبەستی مەولانا لەم دەستەواژەیە ئەوەیە، کاتێك فشارو ڕێگیری وەك ئامرازێك بەکاردەهێنرێت، ئەمە وا دەکات، مەیل وئارەزوو بۆ ئەو تابۆکراوە زیاتر ببێت، بۆ نمونە، کاتێك کۆمەڵە کۆت و بەندێك دەخرێتە سەر ئافرەت و لەژێر چەندین پەردەو حیجابدا هەوڵی شاردنەوەی دەدرێت، رەنگە ئارەزوی ئافرەتەکە بۆ خۆدەرخستن زیاتر بێت لەپێشتر، لەلایەکی تریشەوە رەگەزی بەرامبەر خولیای کەشفکردنی ئەو شتە شاراوەیەی زیاتر هەبێت، مەبەستی مەولانا ئەوە نییە، بەشێوەیەکی رەهایی پێچەوانەکەی ئەمە راست بێت، بەڵکو ئەو پێیوایە هەر مرۆڤێك لەخۆیدا جەوهەرێکی هەیە، ئەو جەوهەرەی دەبێتە بزوێنەری کەسەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، چ نێر بێت یان مێ، ئەگەر جەوهەرەکەی پوخت بێت، ئەوا بە پوختی دەمێنێتەوەو ئەگەریش پوخت نەبێت، ئیدی هیچی لێ ناکرێت.

مەولانا ئەوە دەخاتەڕوو، ئەگەر مرۆڤ خودا فەزڵێکی پێبەخشی بێت و بە هەوڵ و کۆشش ئەو فەزلە پەروەردەبکات، ئەو فەزڵە بەتەنها مرۆڤ بەهیچ پلەوپایەو مەقامێک ناگەیەنێت، هەروەک چۆن پێغەمبەران سەرەڕای فەزلی خوداش کە پێی بەخشیون بۆ ساتێکیش فەرامۆشیان نەنواندووەو لەهەوڵ کۆشش نەوەستاون، «کەوایە مرۆڤ لەو خۆشی و لوتفانەی خودا، کە تیشک و وێنەی حەقیقەتە دەبێ تێپەڕێ و بەوەندە رازی نەبێت



## تا بە مەعشوق نەگەیەیت، ئارام نابیتەوە

لە مرۆڤداعەشق و ئێش و ئەندێشەیەك هەیە، دڵویست و دڵخوازییەك هەیە، ئەگەر هەموو جیهان ببێتە موڵکی ئەم هەر ناحەسێتەوە، ئەم خەڵکە بەهەموو شتێکەوە خەریك دەبن لە زانست و پیشەو پلەوپایەو سامان، بەڵام هەر دیسان ئارام ناگرن، چونکە تەواوی ئەم خۆشی و مەبەستانە وەك پلەی پەیژەن، پلەکانی پەیژە شوێنی نیشتەجێ بوون و ئارامگرتن نین، بەڵکو ئەوانە تەنها بۆ تێپەڕینن. خۆزگە ئەوەی کە زووتر بەئاگا دێت و ڕێگای درێژی لێکورتتر دەبێتەوەو لەسەر ئەو پلەی پەیژانە تەمەنی خۆی بەفیرۆنادات.

## کارما

لەشوێنێکی تردا مەولانا باسی ئەحواڵی مرۆڤەکان دەکات، هەر لە پێغەمبەران و ئەولیاو خەڵك و چاك و خراپەوە، بەتێگەیشتنی من ئەوەی مەولانا لێرەدا ڕۆشنایی خستۆتەسەر باسکردنە لە «کارما»ی مرۆڤەکان و باس لە جیهانەکان دەکات و دەفەرمێت « ڕۆحەکان لەو جیهانەدا کە لای حەزرەتی هەق بوون و خۆراك و قەوەتی ئەوان کەلامی هەق بوو- بێدەنگ و قسە، لەبەرئەوەی کە هەندێکیان لەو جیهانەدا بە «مناڵی» هاتوون، کاتێك ئەو کەلامە ببیسن، ئەو ئەحواڵەیان وەبیرنایەتەوەو خۆیان لەو کەلامە بێگانە دەبینن و لەو تاقمە رووگیراوانانە کە لەکوفرو تاریکیدا نوقمبوون. هەندێك کەمێکیان وەبیردێتەوەو مەیل و ئارەزوی ئەولا تێیاندا سەرهەڵدەدات، کە ئەمانە لەباوەڕداران دەبن، هەندێکیان کاتێك ئەو کەلامە دەبیستن، ئەو حاڵەتەی کە کۆن هەیانبوو پەیدادەبێتەوەو حیجابەکان بەتەواوەتی لادەدرێن و خۆیان تێکەڵدەکەنەوە- ئەمانە پێغەمبەران و ئەولیاکانن.»

## نەدرکاندنی نهێنی

کاتێك مرۆڤ لەم جیهانەدا دەگاتە ئەو پلەیەی، کە حاڵ و ئەحواڵی خۆیی وەبیردێتەوە، وەك مەولانا ئاماژەی پێدەداتك دەگاتە پلەی ئەولیاو خودا هەندێك نهێنی و راز دەخاتە دڵیەوە، هاوکات لەوەش ئاگادار دەکرێتەوە، نابێت ئەم رازو نهێنیانە لای کەسانێك بدرکێنرێت، کە ئەهلی حاڵ نین، ئەگەر ئەهلی حاڵیش بن ئیدی ئەو رازو نهێنیانەش خەڵاتی ئەوان کراوە، بۆیە لەتەسەوفدا



نەدرکاندنی ئەسرارەکان سنورێکەو ئەوەی بیبەزێنێت، دەبێت سزاکەی بدات وەك دەڵێن بۆیە حەللاج بەو چارەنوسە گەیشت، «خودا رازێکی خستە دڵیەوەو ئەو کەشفی کرد».

مەولانا دەفەرمێت « یاران وەسیەتدەکەم کاتێك بووکی مانا لەدەروونندا رووی لە ئێوە کردو رازەکان دەرکەوتن، ئامان و ئامان بە ئەغیارەکانی مەڵێن و باسیمەکەن و ئەم قسەی ئێمە کە دەبیستن، بەهیچ کەسێکی مەڵێن! ئەگەر تۆ گراویی و مەعشوقێکت دەستدەکەوێ و لەماڵی تۆدا خۆی بشارێتەوە، کە « من بەکەس نیشانمەدە من هی تۆم! ئاخۆ رەوایەو دەشێ کە ئەو لەبازاڕ بگێڕی و بەهەرکەس بڵێی « وەرە ئەم جوانە ببینە»؟ ئەو مەعشوقە هەرگیز ئەمەی پێ خۆش دەبێت؟ بەڵکو لێت تورە دەبێت و لێت دەتۆرێ«.

## بمرن، پێش ئەوەی بمرن

یەکێك لە پلەو مەرتەبەکانی تەسەوف بریتییە لە فەنابوون وتیاچوون لەنوری هەقدا (الفناء فی الله)، ئەم پلە هەرە باڵایەو لای پەیرەوکارانی یۆگا (سامادەهی) پێدەوترێت، پلەیەکە ئیدی مرۆڤ بەرەو نورانی بوون و روناك بوونەوە دەچێت و پلەیەکە شایانی ئەولیاو پیاوانی دەستەبژێری خوایە، لەم پلەیەدا ئیگۆی مرۆڤ بەتەواوەتی لەناودەچێت، یان بەمانایەکی تر مرۆڤ خۆی لەیاددەکات و کەناڵێکی تێیدادەکرێتەوە، کە لەرێگەی ئەو کەناڵەوە وزەو نورێکی ئەبەدی لەسەرپایدا لەجوڵەدا دەبێت، مرۆڤ بەو نورو وزەیە لە عەشقی خودادا مەستدەبێت و خۆی لەیاددەکات.

« پادشایەك بەدەروێشێکی وت کە «ئەو دەمەی لەدەرگای هەق نزیکدەبیتەوە، یادم بکە!!»

وتی» کاتێك من بگەمە ئەو حەزرەتە و شەوقی هەتاوی جەمالی لەم بدات، من خۆم لە بیرنامێنێت، ئیدی چۆن یادی تۆ بکەم؟

هەروەك مەولاناش دەفەرمێت « بەڵام کاتێك هەقتەعالا بەندەیەکی هەڵبژاردو نوقمی خۆی کرد، هەرکەس کە داوێنی بگرێ و حاجەتی لێبخوازێ، بێ ئەوەی کە ئەو گەورەیە لای هەق یادی بکات و دەربیرێ، هەق بەجێی دێنێ.»

## هەموو کەست خۆش بوێت

« کاتێك دەتوانی شەو و رۆژ گوڵ و گوڵستان ببینی و باغی ئیرەم ببینی، بۆچی لەنێو درشك و مارستان دەگەڕێی؟ هەموو کەست خۆش بوێت، هەتا هەمیشە لە نێو گوڵ و گوڵستان دا بی! ئەگەر هەموو کەست پێ دوژمن بێت، خەیاڵی دوژمنانت دێتە بەر زەین، وەك ئەوەی شەو و رۆژ لەنێو درك و مارستان بگەڕێیت».

مەبەست لێرەدا ئەوەی «مرۆڤ هەر شتێك بکات بەخۆیی دەکات»، ئەگەر تۆ رق و کینەت لەدڵتا هەڵگرت، کەواتە پێش هەموو کەسێك ئازاری خۆت دەدەیت و لەڕەوشێکدا دەژیت پڕە لەنیگەرانی و دڵتەنگی، هەمیشە بەهۆی ئەوەوە بیری خراپ و پلانی خراپ بە مێشکتدا دێت و رۆح ماندو جەستەت تووشی نەخۆشی دەکەیت، لەبەرئەوە هەموو کەسێکت خۆش بوێت، با خەڵکیش خراپەت دەرهەق بکەن، چونکە «ئەوانیش پێش تۆ هەرچی بکەن بەخۆیانی دەکەن» مرۆڤ هەر شتێکی بەشێوەیەکی جدیی لەخۆیدا هەڵگرت، ئەوا ئیگۆو «خودییەتی» زیاتردەکات خۆی قەبەو قەبەتر دەکات، تا دەبێتە بونەوەرێکی ئاڵوز و نیگەران، ئەم بونەوەرە زیاتر لە رێگەکە دوردەکەوێتەوە، ئەو رێگەیەی هەردەبێت رۆژێك پێیدا برۆین، زوو بێت یان درەنگ، دەبێت واز لە خودییەت بێنین و، بەرەو توانەوەو فەنابوون برۆین لەودا، بۆئەوەی چیدی لەمەملەکەتی نزم و غەریبیدا نەمێنینەوەو لەکەنارەوەو برۆینەوە بۆ چەق، برۆینەوە بۆئەوێ ، بەرەو مەملەکەتی جاویدانی و پڕ نور.

مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی

